**نادیه محمود**

بەرلەوەی وەلامی خودی پرسیارەکە بدمەوە، سەرەتا دەمەوی جیاوازی نیوان ئیمەو دەستەو تاقمی ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعس لەسەر هەلویست لە هەلبژاردنەکانی ئیستا بخەمەروو. لەمبارەشەوە دەمەوی خوینەران لەبارەی کۆمەلیك لە هەلویستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئاگادار بکەمەوە کەپیم وایە مەسەلەی هەلبژاردن لەم هەلویستانە دەگمەنتر نییە:

کاتیك ئیمە لەدژی گەمارۆی ئابووری راوەستاین و داوامانکرد کە دەست بەجی و بەبی قەید و شەرت گەمارۆ لەسەر خەلکی عیراق لاببری، ئەوان پی یان وتین – ئەوانەی کەدوینی ئۆپۆزسیۆن بوون و ئەمرۆ بەیارمەتی ئەمریکا لەدەسەلاتدان– ئیوە بەکریگراوی رژیمی بەعسن، چونکە گەماروی ئابووری بۆ لاوازکردنی رژیم وراپەراندنی خەلکی عیراق داسەپیندراوە!! پیمان وتن پیچەوانەکەی راستە، گەمارۆی ئابووری دەبیتە بەهیزکردنی رژیم و لاواز کردنی ئیرادەی خەلکی عیراق. بەلام بۆ ئەم راستییە دەبوو 13 سال تیپەریت تا دواتر ئەوەدەرکەویت کەچۆن گەمارۆی ئابووری بووە" کارەساتیکی گەورە بەسەر خەلکی عیراق"ەوە و چۆن بەم هۆیەشەوە خەلك نەیانتوانی بیر لەرووخانی رژیم بکەنەوە بەقەد ئەوەی بیر لەوەبکەنەوە کە دەستیان بەخۆراکی رۆژانەیان بگات! پاش ئەم هەموو کارەساتە دواتر ئەوان گەیشتنە ئەورایەی کە دەبی گەمارۆی ئابووری هەلگیریت، بەلام ئەمەش داوایەك نەبوو" بەبی قەید و شەرت" داوای بکەن!!

کاتیك لەدژی جەنگ راوەستاین و ووتمان ئەم شەرە بۆ رزگاری عیراق نییە و هیچ پەیوەندیکی بەچەکی کۆکوژییەوە نییە. تەنانەت وتمان پەیوەندی نییە بە پەیوەندییەکانی صدام و ئوسامە بن لادن و پشتیوانی کردنی تیرۆریستانەوە، بەلکو ووتمان پەیوەندی بە جیگاو ریگای ئەمریکا و بالادەستی ئەوەوە هەیە بەسەر دنیادا.. چاوەری بوون تا ئەمریکاییەکان بەزمانی خۆیان رایان گەیاند کە داگیرکەرن، تا ووتیان ئەو راپۆرتانەی لەبارەی چەکی کۆکوژییەوە پیمان گەیشتووە هەلەن!! وهاوکات صدام پەیوەندی نەبووە بە ریکخراوی ئەلقاعیدەوە!!

ووتیان ئەم شەرە بۆ رووخانی رژیم و هینانی دیموکراتی و مافی مرۆڤە! ووتمان سیناریۆی رەش لەعیراق بەری دەکەوی و گەورەترین خزمەت پیشکەش بە هیزە ئیسلامی و قەومییەکان دەکات تا وەك هیزی موقاوەمە دەربکەون!! ئیستاش کۆمەلگای عیراق لە نیو دوولایەنی داگیرکاری ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی–بەعسیدا راگیراوە.

ئیستاش ئەوە بلاودەکەنەوە کەبەدوای هەلبژاردنی حکومەتیکی نیشتمانیدا، ئیحتلال نامینی! و بەم جۆرەش جەدوەلیکی زەمەنی بۆکشانەوەی هیزەکان دادەنری!! و حکومەتی هەلبژیردراویش هەلدەستی بە نەهیشتنی تیرۆر و ئاسایش بۆ ولات بەدی دینی.. دەلین هەلبژاردن دەبیتە مایەی یەکگرتووی کۆمەلگاو سەروەری، دەلین هەلبژاردن دەبیتە هۆیەك بۆ گیرانەوەی سەروەری عیراق و پاراستنی یەکیتی خاکەکەیی و پارچەپارچە نەبوونی..!!

لەراستیدا هەموو ئەمانە پرو پاگەندەی هەلبژاردنن! دەولەتیك کەدیارکراوە بۆ پاریزگاریکردن لەهەلبژاردنەکەیان، یانی ئەمریکا هەر ئەو دەولەتەیە کە عیراقی داگیرکردووە و "سەروەری"یەکەی بەزاندووە. هەرئەم دئەولەتەش ئەو لایەنەیە کەدابەشبوونی تیرەگەری وقەومی بەسەر عیراقدا داسەپاندووە – دیاردەیەکی وا کەتەنانەت لە رۆژگارەکانی دەسەلاتی صدامدا نەبوو ، بۆنمونە پرسیار لەبارەی تیرەگەرییەوە لەو کەسانەی کە دەاوای بوون بەپۆلیسیان لەرژیم پیشکەش دەکرد– بەم جۆرەش بەهۆی دابەشکردنی عیراق بە تیرەو قەوم و دیانەتەوە، ئەم ولاتەی گۆری بەمەیدانیك بۆ زەبروزەنگی دیموکراسی و ئەوەی هیزیکی سەربازی گەورەی هەبی، لەوانی تر براوەترە، شەری دەبابە و چەقو وسەرپەراندن دەست لەهیچ شتیك ناپاریزن.

## ئایا بەراستی هەلبژاردن ئەو ئاما نجانەی خۆی دەپیکی؟ ئایا ئەو حیزبانەی لە پرۆسەی هەلبژاردندا بەشدارن بەدوای ئەو ئاما نجانەوەن؟

ئەوانەی لەهەلبژاردندا بەشدارن بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، هەروەك چۆن لەمەجلسی حوکم و حکومەتی کاتیدا رەچاویانکرد. حیزبە ئیسلامییە شیعییەکان فرسەتیکی میژوویان پیدرا تا بەرەو دەسەلات برۆن، بەلام ئەمانە هیچ بەرنامەیەکی سیاسییان بۆ دووبارە ریکخستنەوەی کۆمەلگا بەدەستەوە نییە. ئەمانە لەریگای ئەمریکاوە لە فراوانترین دەرگاوە بەرەو دەسەلات هاتن ومۆریان لەنیوچاوانی دانیشتوانی "جنوب" دا بەوەی هەموویان"شیعە"ن، تەنانەت ئەگەر شیعەش نەبن. ئەمانە سودیان لەبۆشایی دەسەلات وەرگرت تا لەریگای زەبرو زەنگەوە دەسەلاتیان بەسەر خەلکدا داسەپینن، ئەویش بەداخستنی سینەماکان و وەرگرتنی سەرانە و حیجابی بەزۆری خیزانەکان و .. تا نمونەی "ویلایەتی ئیسلامی"یان لە خوارووی عیراقدا دامەزرینن. بۆئەمانە فرسەتی میژوویی هاتوتە پیش تا دەسەلات بەدەستەوە بگرن. وە هەمان بارودۆخیش بەگویرەی ئەحزابە کوردییەکان و ئەو ئیئتلافاتە تازانەوە کە پیکهاتن بردنەوەی هەلبژاردن ریگایەکە بۆ قازانجی لەم جۆرەی خۆیان..

بەلام بەگویرەی پاشماوەکانی حیزبی بەعسەوە، ئەوانەی کە جیگایەکیان لەدەسەلاتدا بۆ نەمایەوە، ریگای کوشتن و تیرۆریان لەپیناو گەرانەوەی جیگای لەدەستچوویان هەلبژاردووە. ئەمانە لەگەل دەستەو تاقمی القاعیدە و وەهابی یەکاندا کەوتونەتە هاوپەیمانیتییەوە و خەریکی کاری تیرۆریستین تا جیگایەك لەژیر هەتاودا بگرن. رەوتە ئیسلامییەکان لەعیراقدا وەك بەشیك لە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا فرسەتی خۆ دەرخستەوەیان لە عیراقدا بۆپەیدابووە، بەلام ئەمجارەیان لەژیر ناوی"مقاومە"دا، تابتوانن "دەسەلاتی ئەمارەتی ئیسلامی"لەوناوچانەدا دامەزرینن کەزۆریان بەسەریدا هەیە، کەبە سیکوچکەی سونی و شاری موصل ناودەبرین. ئەمانە کەمتر لە دەولەتیکی" خەلافەتی ئیسلامی لەعیراق"یان ناویت وبەم بەلگەیەشە نایانەویت لە هەلبژاردندا بەشدارن.

لیرەدا پویست نیەیە لەبارەی ئەوانەوە بدوین کە ئیوە بە چەپی لاوەکی ناویان دەبەن، چونکە ئەمانە هیچ تەرح ودەخالەتیکی جدیان لە بارودۆخەکاندا نیەیە و هەلویستەکانیان لاوەکی لەنیو رووداوەکانی عیراقدا ماوەتەوە.
بەلام جیاوازیەیە سیاسیەیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لەوخالەوە دەست پیدەکات کەدەلیت: ئایا هەلبژاردن فرسەتی راستەقینە بۆ هاوولاتیان پیکدینی تا تەعبیر لە ئیرادەی سیاسیەیان بکەنو دەوربگیرن لەدارشتنەوە و وینەکردنی چارەنوسی سیاسیەدا و بەمجۆرەش پەرلمانی خۆیان هەلبژیرن؟

## وەلام نـایە..

وەرن با چەند ساتیك لەگەل خەلکی عیراقدا بدوینن وگویان بۆ بگرین: " داگیرکاریکان ناویت"، ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیەیەکانی خۆی هاتوتە عیراقەوە و پەیوەندی بەخواستی خەلکەوە نیەیە، حکومەتی علاوی و هەرحکومەتیکیش کەدوای ئەو دیت، حکومەتی بەریوەبەری سیاسەتەکانی ئەمریکا و حکومەتیکی گویلەمست دەبی. ئەحزابە ئیسلامیەیە شیعیەیەکانیش لەشارەکانی خواروودا بالادەست دەکرین و ئەمانەش هیچ پەوەندیکیان بەخواستی خەلکەوە نابی جگەلە خواو ئاینەکەیان. ئەمانە دەلالانیکن پیشبرکیەی مۆرکردنی قونتەراتەکانن و سەرانە و ئینسان دزینیان بەرۆژی رووناك کردۆتە پیشەیان و لەپشتیشینەوە جمهوری ئیسلامی ئیران راوەستاوە. ئەمانە خەریکی کاری تیرۆرن لەجەرگەیپرۆسەی"دیموکراتی"داو پەنا بۆ ریسواترین شیوەی ترساندنی خەلك دەبەن تا دەنگ بدەن بەم یان بەو حیزبی ئیسلامی. ئەمانە هەولدەدەن خۆل بکەنە چاوی خەلکەوە بەوەی کە دەلین هەلبژاردن لەعیراقدا رۆژیکە بۆ مومارەسەی دیموکراسی و ریگا دەدات تا خەلکی نوینەرانی خۆیان بۆ پەرلمانی داهاتوو هەلبژیرن!!. لەکاتیکدا بەشەکان لەنیوان شیعە و سوونە و ئەحزابی کوردی و بەشیکی کەمیش بۆ ئەفرادی تر دابەشکراوە. ئەوەی کەلە50٪ بۆ شیعەکان دانراوە جا بیان وەیت یانەیانەویت، یائەوەی سیستانی دەلیت ریژەی 30٪ بۆ سوونیەیەکان دانراوە، جا بەشداری بکەن لەهەلبژاردنەکاندا یان نا نیشان دەدات کە کورسیەیەکانی پەرلمان وەك کورسیەیەکانی "سینەما ئەتلەس" گیراوە.!! لەسیناریۆیەکی ئاواشدا هاولاتیان لەعیراق چارەیان نیەیە جگەلەوەی کەدەبی خۆیان بگونجینن و چاویك بە کاروباری ژیانیاندا بخشینن و جاریکیتر هەویەتی خۆیان بناسیننەوە وبەناچار دەبی ببن بە شیعە، یان سوونە، وەیاخود کوردی ومەسیحی.. لەسەریانە یەکیك لەمانە هەلبژیرن!! دەستوریکیش کەبریارە بنوسی بەخەتیکی گەورە لەریزی پیشەوە نوسراوە" عیراق دەولەتیکی عەرەبیەیەو دینی ئیسلام دینیکی رەسمیەیە"!!
ئەو پەیامەی کەدەلیت ئەم هەلبژاردنە بۆ ئەوەیە کە ئیرادەی هاولاتیانی عیراق بۆ هەلبژاردنی حکومەتی خۆیان، درۆیەکی پوچە. ئایا کەش و هەوای ئەمنی وئاسایی والەئارادایە تا خەلك بەدلنیاییەیەوە لەخۆیان رووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان و گیانیان بەبی زیان دەرچی؟ ئایا بەکردەوە ئازادی سیاسی لەعیراقدا لەگۆردایە، تا خەلك و ئەحزابە سیاسیەیەکان کاری ئازادانە خۆیان بەبی تیرۆر بەریوەبەرن؟

## دیسانەوە وەلام هەلا نـایە...

هەلبژاردن ئەلقەیەکی ترە لەسیناریۆی ئەمریکا لەعیراقدا وراستەوخۆ پەیوەندی بە ئەحزابی شیعەو سونی و کوردی و مەیلەکانی لەم جۆرەوە هەیە و هیچ پەوەندیکی بەو مەسەلانەوە نیەیە کەهاو ولاتی عیراقی گەرەکیانە. نە بەهەلبژاردنی حکومەتیکی"شەرعی" تیرۆر کۆتایی دیت و نەئەمریکاش بارگەو بنەی دەپیچیتەوە! حکومەتی هەلبژیردراو حکومەتی جەماوەری عیراق نیەیە، ئەوان نەلگەل ئەم حکومەتەن وەنەجاری دەکەونە شەرەوە لەگەلیدا، چونکە ئەوان هەلیان نەبژاردووە. بەلکو ئەمە ئیختیاریکی ئەمریکاییەیەو بەس.
دەستبردن بۆدامەزراندنی حکومەتیك کە تیایدا ئیرادەی ئازادانەی خەلکی عیراق بەرجەستەبیت و بەهۆیەوە ژیانی خۆیانی پی ریکخراوبکەن، لەریگای هاتنە مەیدانی راستەوخۆی جەماوەری هەموو شارو شارۆچکە و گەرك و گوند وناوەندیکی کار دەست پیدەکات کەبەدژی دەرپەراندنی هیزەکانی داگیرکەر راوەستاوە و لەهەر شوینیك بۆیان بیتەپیشەوە دەستی تیرۆریزم کۆتابکەن و خۆشیان کاروباری هەرئەو شوینە بەدەستەوەبگرن و لەریگای شوراکانی جەماوەرەوە دەسەلا ت و دامەزراوە کانی حکومەت پیك بهینن وبەمجۆرەش کاروباری شارو ناوچەکانی تر بەدەستەوەبگرن..
جەماوەر خۆیان دەتوانن دەسەلاتیکی بەهیز دامەزرینن، هەرئەوانیشن دەتوان کۆتایی بەداگیرکاری ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی بهینن و بەم جۆرەش کەشو هەوای ئازادانە و ئاسایش، کەهیچ هاولاتنیەیەك تیدا هەست بە ترس و توقاندن نەکا لەبەردەم هەلبژاردنەکاندا فەراهەم کەن. کەوایە لەبارودۆخیکی ئاوادا ئەوە جەماوەر خۆیانن بەرپرسیاری ژیان و ئەمنیەیەتی خۆیان لەئەستۆیە و کەش و هەوا بۆ هەلبژاردنی حکومەتیکی دلخوازی خۆشیان دابین دەکەن.. ئیمە لەراستای ئەم رەوتەی خەباتی خەلکدا تیدەکۆشین تا سەرلەنوی کۆمەلگایەکی ئازاد و مەدەنی سازدەینەوە و هاولاتیانیش فرسەتی هەلبژاردنی حکومەتی خۆیان بەدەست بهینن..